www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-3-2006 16:52

نەورۆز و جەژنی نەتەوەیی ... عبدالرحمن مەلا زادە

دیاری کردنی ڕۆژانی بیرەوەری وجەژن تایبەتمەندیەکی بەرچاوی هەیە لە مێژووی هەر گەلێک داو تەنانەت هۆزو تیرەکانیشی گرتۆتەوە.. کوردیش لەبەر ئەوەی دەسەلاتداریێتی سەربەخۆی نەبووە دەبینین زۆرێك لە نەرێت و تایبەتمەندییەکانی گەلانی تر کە ڕەگەزی دەسەلاتداربوون دا سەپاوە بە سەریدا یانداو بە ناچاری وەریان گرتووە یەکێك لەو یادەوەرییانەش نەورۆزە کە دەبینین هەر ساڵ لە یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهاردا ئاسمانی بێگەردی کوردستان چڕە دووکەڵی زەماوەندی یەزدی گورد چڵکنی دەکاو ژینگە خوا پێداوەکەی لێ دەشێوێت. ئیتر لەو کاتەوە کورد دەسەلاتداریێتی یەکپارچەو سەربەخۆ و ماوەداری وەهای نەبووە کە سەر لە نوێ چاوێك بگێڕێتەوە بە زۆر کەلێن وبوارو بابەتدا وئیستاش لەم بەشە کوردستانەی کە تا ڕادەیەك دەرفەتی هەندێ پیاچوونەوەو چالاکی هەیە جێگای خۆیەتی کە لەم بووارانەدا هەنگاوی باش و بنچینەیی بنرێت.

نوروز واتە ڕۆژی نوێی فارسەکان وئەو گەل وهۆزانەش کە کاتی خۆی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بە توندو تیژی حوکمی دەکردن ئاسەواری یادو بۆنەکانی فارسەکانیان پێوە دیارە هەر بۆیە کۆشکی سپی کە دیقەتێکی ڕادەبەدەر بەکار دێنن لە پرۆتۆکۆلاتدا پیرۆز باییەکەی سەرۆك بۆش وەها ئامادە دەکەن کە پیرۆز بایی بێت بۆ جەژنی ئەوان نەك لە گەلی کوردی هاوپەیمان!

من پێم باشە ئەم پێگەو ناوەندانە بکەینە ویستگەیەکی سەربەست وئەم دەرفەتە لە دەست نەدەین وگشت بابەتەکان بە شێوەیەکی شەفاف شیتەڵ بکەین تاکو بگەینە ڕاستیەکان وسەرمایەی نەتەوەییمانی پێ دەوڵەمەندتربکەین بە شێوازێکی شارستانیانە لە هەوڵی شارەزاتربوون دابین وخۆ دوور بگرین لە شەڕ وئاژاوە نانەوە وجنێۆ فرۆشی و تانەو تەشەر کە زیاتر ئاژاوە دەنێتە ناو خێزانی کوردی وەرن پێکەوە لە نەورۆز ەوە دەست پێ بکەین تاکو بزانین ئایا ئەمە جەژنی کام لەگەل و هۆزەو کێ مافی ئەوەی هەیە تیا هەڵپەڕێ؟!

وەرن پێکەوە لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە.. لەوەتەی ئەم فارسە ئاگر پەرستانە قەوارەو دەسەلاتی ئێمەیان ڕووخاندو سەرزەمینیان داگیر کردین نەك هەر مێژو بگرە هەرچی شارستانی و شارەزایی ئێمەیە بۆ خۆیان زەوت کردو هەر ناویشمان نەماو هەرچی نەرێت وبیرەوەرییەکانی خۆیان هەیە بە سەر ئەم نەتەوەدا سەپان.. تاکو ئیسلامی پیرۆز هات و ئێمەو گەلانی تری لەم ژێر دەستیە ڕزگار کردو لەو کاتە وە گۆڕانکاری تەواو ڕووی داو دەروازەی ئاشنا بوونمان لەسەر والاکرا..

ئەمە ڕاستی مێژوویە و کەس ناتوانێت ئینکاری بکات.. وگەلی کوردیش گەشتۆتە ئاستێك ئەفسانەو حیکایەتی بە خەوبردنەوەی پاشا زادەکانی پێ ناکرێتە ڕۆژی نەتەوەیی وئەگەر ویژدان وهەق بخرێتە کار دەبێت ئەو ڕۆژەی کە لەو فارسانە ڕزگارمان بوو بکرایەتە جەژنی نەتەوەیی یان سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی ِکورد وڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی کوردستان چونکە ئەمانە ڕوَژی ڕاستەقینەی گەلی کوردن.